**هیشام ئاكرەیی بۆ هەفتەنامەی شەقام: كاردانەوەی پارتی و یەكێتی سەبارەت كەركوك لە هەڕەشە تێناپەڕێت. بە هیچ شێوەیەك ئەوانەی دەستكەوتی ماڵی و دەسەڵاتیان هەیە ئامادە دەبن هەتتا لە پێناو كەركوكدا واز لە دەستكەوتەكان و پلە و پایەكانیان بێنن**

akreyii@gmail.com

**پ1: مادەی 140 چۆن هەڵدەسنگێنی؟**

**وەڵام** : بە ڕای بەندە مادەی 140 كە درێژە پێدەری مادەی 58 ی یاسای كاتی عێراقە، چەند هێڵێكی گشتی دەست نیشان كردوە، نەك بۆ چاەسەركردنی كێشەی ئەو هەرێمانە بەڵكوو لە پێناو نواندنی و خەواندنی كێشەكان تاوەكوو باری ناوخۆی عێراق هیمن ببێتەوە و حكومەتی ناوەندی عێراق بتوانێت خۆی ڕێك بخات. ئەم بۆچوونە لە هەستێكی بێ بنەما نەهاتووە، بەڵكوو ئەگەر هەڵسەنگاندنی بڕگە و خاڵەكانی (ا،ب، ج) ی بڕیاری 58 بكەین دەبینین كە چارەسەركردنی كێشەی ناچەكانی دابڕاو لە باشووری كوردستان كراوەتە چەند قۆناغێك. كێشەكە لە قۆناغەكاندا نییە، بەڵكوو لە شێوەی داڕشتنی ئەو قۆتاغانەیە و لە نەبوونی بڕیارێكە بۆ حەتمیەتی جێبەجێكردنی ئەو قۆناغانە. لە بڕگەی (ب) دەوترێت: ئەگەرسەركردایەتی عێراق نەیتوانی كێشەكە چارەسەر بكات، تەحویل بە ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق دەكات، ئەگەر ئەوانیش ڕێك نەكەوتن، تەحویلی ئەنجوومەنی سەرۆكایەتی دەكات و ئەگەر لەوێش چارەسەر نەكرا ئەوە بەرپرسیارێكی باوەڕپێكراوی نەتەوەیەكگرتووەكان تەخویل دەكرێت. بە ڕای من تەنیا ئەو بڕگەیە واتای ئەوە دەدات كە حكومەتی عێراق و عێراقیەكان ناتوانن بڕیار لەسەر ئەو كێشەیە بدەن و مادەی 140 مادیەكی لاستیكییە و ناتوانرێت بە بڕیار دابنرێت.

**پ2: پێت وایە ئەو بڕگەیە لە كاتی خۆیدا جێبەجێ دەكرێت؟؟**

**وەڵام**: بەهێچ شێوەیەك ناتوانرێت ئەو مادەیە لە كاتی خۆیدا جێبەجێ بكرێت، چونكە هەر لەسەرەتادا بە شێوەیەك دانراوە و داڕێژراوە كە جێبەجێ نەكرێت. هەر یاسایەك ئەو كاتە جێبەجێ دەكرێت كە هەنگاوەكانی دیاریكراوبن و تەمومژی لە سەر نەبێت. هەموومان دەزانێن بڕگەی 140 درێژەی 58 ە. لە درێژەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی كاتی لە عێراقدا، ئەو بڕگەیە جێبەجێ نەكرا و لە خودی بڕگەكەشدا خاڵێك هەبوو سەبارەت بەدواخستنی ناكۆكیەكان بۆ دوای هەڵبژاردنەكانی ساڵی 2005. لەو كاتەوەش تاوەكوو ئێستا تەنیا كۆمیتەیەك بۆ بەدواداچوونی ئەو بڕگەیە دروست كراوە . بە گوێرەی ئەو یاسایە دەبێت لە دوای 7 مانگی تر بارودووخی هەرێمی كەركوك ئاسایی كرابیتەوە، كوردە دەركراوەكان بگەڕێنەوە و عەرەبی تەعریبیش دەربكرێن لە دوای قەرەبووكردنیان. هەروەها دەبێ ناكۆكی لەسەر عەقاراتەكانیش چارەسەر بكرێت. پاشان سەرژمێریەك ئەنجام دەدرێت و دوای ئەوە دەنگدانێك ئەنجام دەدرێت. دەتوانین بڵێین نیوەی كات ڕۆیشتووە بە بێ ئەوەی یەك خاڵی مادەی 140 جێبەجێ بكرێت، بۆیە باوەڕ ناكەم ئەو بڕگەیە جێبەجێ بكرێت لەو ماوەیەدا.

پێم وایە ئەگەر ئەو بڕگەیە جێبەجێ كرا بە بێ ئەوەی حكومەتی عێراق و حزبە سەرەكیەكانی عەرەب لەسەر ڕازی بن، ئەو كاتە عەرەب و چەند لایەنێكی توركمانی بە هاوكاری و هاندانی توركیا هەوڵ دەدەن شەڕ دروست بكەن. بەڵام مەرەجی سەرەكی ئەو شەڕە ئەوەیە كە خودی ئەو حزبانەی ئێستا لە دەسەڵاتدان بە ڕێگای میلیشیاتەوە شەڕەكە ئەنجام بدەن. كەواتە ئەو شەڕە لە ڕاستیدا هی خودی حكومەت دەبێت نەك هی خەڵكانی تر. من پێم وایە ئەو لایەنانەی دژی جێبەجێ كردنی بڕیاری 140 خودی ئیتیلافی شیعی و بەرەی تەوافوق و لایەنەكانی تری ناو دەسەڵاتی عێراقدان و هەر ئەوانەشن شەڕی

ناوخۆ هەڵدەگیرسێنن. جەیشی مەهدی و عەرەبی حویجە و سننەکان و بەرەی تورکمانی تەنیا داردەستی ئەوانن. نابێ لە بیرمان بچێت عەرەبی تەعریب زۆربەیان شیعەن و پشتگیری گرۆپی سەدر و بەدر و شیعەکانیان هەیە.
پێم وانییە ئەگەر ماددەی 140 جێبەجێ نەکرێت پارتی و یەکێتی شەڕ هەڵبگیرسێنن یان هەڕەشەیەکی ئەوتوو دروست بکەن. ڕاستە پارتی و یەکێتی هەڕەشە دەکەن.. بەڵام کاردانەوەیان لە هەڕەشە تێناپەڕێت. بە هیچ شێوەیەک ئەوانەی دەستکەوتی ماڵی و دەسەڵاتیان هەیە ئامادە دەبن هەتتا لە پێناو کەرکوکدا واز لە دەستکەوتەکان و پلە و پایەکانی خۆیان بێنن. کام بەپرسیارە واز لە خانزاد و شیراتۆن و شاری خەونەکان و کورسیەکانی گەرم و کچە فلپینی و تایلەندیەکان دێنێت؟؟؟ بۆیە دەسەڵاتی کوردی لە هەموو حاڵەتەکاندا پەنا تەنیا بۆ ئەمریکا و دیالۆگ و تەنیا هەڕەشە دەبات. جێبەجێکردنی ماددەی 140 زیاتر پەیوەندی بە بارودووخی ئەمریکاوە دەبێت لە ناوچەکەدا. تاوەکوو ئێستا هاوکێشەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەمریکا و بریتانیا کەرکوک بکەنە قوربانی تیرۆر و ئاسایشی عێراق و بەرژەوەندیەکانی تورکیا و دانوسان لە گەڵ ئێران وسوریا...

**پ3: بارودۆخ و هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد سەبارەت کەرکوک چۆن هەڵدەسەنگێنی؟؟**

**وەڵام** : گومان لەوەدا نییە کە سەرکردایەتی کورد دەیەوێت کەرکوک بۆ کوردستان بگەڕێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش هەندێ هەنگاویان ناوە و هەندێ دروشمیان بەرزکردۆتەوە، بەڵام کردەوەکەیان لە سنووری ئەو دروشمانەدا دەمێنتەوە و نابێتە کردەوە. ڕازی بوونی سەرکردایەتی کورد بە بڕیارێکی وەک 58 و دواتر 140 هەڵەی هەرە گەورەی دەسەڵاتی کوردی بوو و پێویست بوو هەر لە سەرەتای ڕۆخانی سەددامدا عەرەبی تەعریب دەرکرابانە و ئاوارەکانی کوردیش گەڕابانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. دەسەڵاتدارانی کورد بەداخەوە سوودیان لە عێراقی پڕ ئاژاوە و بێ یاسایی و تیرۆر نەهێنا و دەیانەوێت حکومەتێکی بەهێز لە عێراقدا دروست بکەنەوە تاوەکوو کەرکوک بۆیان بگەڕێننەوە. من دەڵێم ئەگەر عێراقی لاواز ئامادەنەبێت دان بە کوردستانیەتی کەرکوکدا بنێت، بە هیچ شێوەیەک ئامادەنابێت ئەو کارە بکات لەدوای بە هێزبوونی. ئەمە ڕەشبینی نییە، بەڵکوو ئەمە واقع بیینیە.

کێشەی جەماوەری کوردستان تەنیا دوژمنانی کورد نیین، بەڵکوو کێشەی هەرە سەرەکیان دەسەڵاتداران و ڕابەرانی کوردە. ئەوانەی گوێ لە جەماوەر و کەسانی بسپۆر ناگرن و نە کێشەکان چارەسەر دەکەن و نەش دێڵن خەڵکانی تر چارەسەر بکەن.
ئەگەر سەیری بارودووخی ئەمڕۆی شاری کەرکوک بکەی دەبینی لە بەغداوە هەموو شتێک دەکرێت. کۆمیتەیەکیان داناوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 کە هەر ڕۆژێک لە بەغداوە ئەندامێک بۆی زیاد دەکرێت. بەرامبەر ئەو کردەوەیەی حکومەتی عێراق ئەندامانی کورد لەو کۆمیتەیەدا لە کۆبۆنەوەی ئەم دواییەدا بەشدار نەبوون.. ئەمە هەڵوێستێکی زۆر لاوازە، لە کاتێکدا تەنیا 12 مانگ ماوەن لە کاتی جێبەجێکردنی ماددەی 140.

خاڵێکی گرنگی کێشەی کەرکوک، مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیە..شەڕێک کە لە لایەن جەماوەری کورد یان تیرۆریستانەوە دەست پێ بکات و ببێتە هۆی ئەوەی خودی پارتی و یەکێتی ڕۆلی حکومەت بگێڕن بەرامبەر جەماوەری کورد و ئەنجامەکەی ببێتە دوورخستنی پێشمەرگە لە گەڕەکەکانی عەرەب نشین و تورکمان نشینی شارەکە و لە جیاتی ئەوان لەشکری عێراق لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی

عێراق بێنن یان هێزێکی ئەمریکی، نەتەوەیەکگرتووەکان یان تورکیا لە شارەکەدا نیشتەجێ بکەن و بەو شەڕە ناکۆکی نێوان شیعە وسونەکانیش کەم ببێتەوە... ئەو کاتە بارودووخەکە تا ماوەیەکی درێژ وەک خۆی دەمێنتەوە و شاری کەرکوک دابەش دەکرێت. پێم وایە دەبێ سەرکردایەتی کورد ئەو خاڵەی لەبەر چاو بووبێت و دەبێ پێش ئێستا نەخشەیەکی ستراتیژی شارەکەیان دروست کردبێت.

هیشام ئاکرەیی